## شانۆنامەی



# ناڕەزایی

ڤاسلاڤ هاڤل
و: عەبدولڕەحیم سەعید

### (ڤاسلاڤ هاڤل) لە چەند دێڕێکدا:

نووسەری شانۆنامەی (ناڕەزایی)، (ڤاسلاڤ هاڤل) سەرۆک کۆماری پێشووی (چیکۆسلۆفاکیا)بوو، بۆیە هەقە پێمان سەیر نەبێت ئەگەر کەسێکی وەک ئەم لەکۆشکی کۆماریی وڵاتدا بێت و شانۆنامەش بنووسێت و لەڕێگەی قەڵەمەکەیەوە بیروڕاکانی دەرببڕێت.

(هاڤل) پێش ئەوەی بگاتە دەسەڵات و ببێتە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە، لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندابووە و لەبواری کاری سیاسیدا باوەڕی تەواوی بەدیموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی مەدەنی هەبووە، جگە لەوەی بەکەسێکی چالاک و دیموکراتخواز دادەنرێت، بەیەکەمین کەسێک دادەنرێت لەدونیادا کە وشەی (شۆڕشی مەخمەڵی) داهێنا بەمەبەستی جیاوازیی بیروڕا و گەیشتن بەدەسەڵات بەبێ توندوتیژی و خوێنڕشتن.

ناوبراو دەخوازێت ئەو وانە و ئەزمونانەی لە وڵاتەکەی لە خەباتکردن بۆ دیموکراسی لەبەرامبەر تۆتالیتاریزمدا وەریگرتووە، بیگۆڕێت بۆ هێزێکی (ئەخلاقی) لەدونیای پاش شەری ساردا، لە٢٩ی ئەپرێڵی ١٩٩٩دا، لەدانیشتنی هاوبەشی ئەنجومەنی گشتی و سەنای کەنەدیدا بەڕاشکاوانە ڕەخنەکانی خۆی خستە ڕوو، کە لەو کاتەدا بۆردومانکردنی وڵاتی (یۆگسلافیا) لەلایەن (ناتۆ) بۆ شەش هەفتە بوو، ئەو بۆردومانە بەردەوام بوو.

قسەو بۆچوونەکانی (هاڤل) لەڕووی تیۆرییەوە لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مافی نێو دەوڵەتی گشتیدا، خاوەنی گرنگییەکی بێ وێنەیە، بەتایبەتی دەربارە بە حکومەتگەلێکی وەک (سین) و (عێراق) کە (مافی مرۆڤ) و خەڵکی خۆیان وەک مەقولەیەکی نێوخۆیی لەقەڵەم دەدەن.

(هاڤل) لەنووسینێکدا لەخۆی دەپرسێت (بەڕاستی بۆچی مرۆڤ مافی هەیە؟!) بەردەوام دەگەمە ئەم وەڵامەی کە (مافی مرۆڤ) و ئازادییەکانی مرۆڤ نرخ و شکۆی مرۆیی ڕەگ و ڕیشەگەلێکی قوڵیان هەیە و

لەدەرەوەی ئەم دنیایەدان کە ئێمە هەستی پێدەکەین. ئەم بەهاو گرینگانەش لەبەر ئەمەیەو بۆیەش بەهێزن کە خەڵکی لەژێر کاریگەریی بارودۆخێکی واقیعیدا باوەڕیان پێی هەیەو ئامادەن لەپێناویدا مردن هەڵبژێرن.

بۆیە بەکورتی دەڵێین لەشانۆنامەی (نارەزایی) دا نووسەر دوو کەسایەتیی هەن، پاش دیدارو ڕاموسانی یەکتری دەکەونە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر بارودۆخی سیاسی، ڕۆشنبیری و چۆنیەتیی دەربڕینی نارەزایەتی و قسەکردن لەسەر گەندەڵی و بێ سەروبەری لەوڵاتدا و گرتنەبەری شێوازی خەباتی مەدەنیانە و کۆکردنەوەی ئیمزا لەدژی دەسەڵات، لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکیان قۆڵبەستکراوە و فرێدراوەتە نێو زیندانەوە. بۆیە ئەمانیش دەیانەوێت لەڕێگەی ئەم نارەزایەتییەوە فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ ئازادکردنی هاوڕێکەیان.

- **کەسایەتییەکان:**

(یان ستانیک)

(فریناد وانیک)

- شوێن: ژووری کاری ستانیک.
- دیمەن: ژووری کارکردنەکەی ستانیک.

لەگۆشەی چەپی ژوورەکەدا مێزێکی گەورە دانراوە و ئامێرێکی چاپکردن لەگەڵ تەلەفونێک و چاویلەکەیەک و هەندێک کاغەز و کتێبی لەسەر دانراوە، لەپشت مێزی چاپکردنەکەوە پەنجەرەیەک دیارە، کە بەڕووی باخچەکەدا دەکرێتەوە، لەگۆشەی ڕاستیشیەوە دوو کورسی و تەپڵەکێک لەناوەڕاستیاندا دانراوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو دیواری ژوورەکە بەکتێبخانەیەکی پڕ لەکتێب داپۆشراوەو ناوەڕاستیشی ڕەفەیەکی درێژی پڕ لەئەلکهول و خواردنەوەی جۆراوجۆری لێیە، لەناویا ئامێرێکی دەنگی تیا دەبینرێ، لەگۆشەی ڕاستیشەوە دەرگای ژوورێک هەیە و بەتەنیشتیەوە تابلۆیەکی سوریالیستی هەڵواسراوە.

کاتێک پەردە لادەدرێت، (ستانیک) و (وانیک) دەبینرێن لەسەر سەکۆی شانۆ، لەپشت مێزی چاپکرنەکەوە (ستانیک) بەپێوە ڕاوەستاوەو بەچاوێکی خۆشەویستییەوە سەیری (وانیک) دەکات، (وانیک) پێڵاوەکانی لەقاچیا داکەندووە و لەبەردەم دەرگاکەدا وەستاوەو جانتایەکی بەشانەوەیەو بەشەرمەوە لە (ستانیک) دەڕوانێت، (ستانیک) نزیک دەبێتەوە لە (وانیک) و یەکتری دەگرنە ئامێز.

ستانیک: وانیک لەکوێیت ئەزیزم؟!

(وانیک بەشەرمەوە زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و ستانیک هەست و سۆزی دەشارێتەوە و لێی جیا دەبێتەوە)

ماڵەکەت بەزەحمەت دۆزییەوە؟

وانیک: نەخێر.

ستانیک: بیرم چوو پێت بڵێم بەردەرگامان گوڵێکی پڕ لەخونچەی لێیە، ناونیشانێکی جوانییە هاوڕێ؟

وانیک: بەڵێ، بۆ چی نا؟

ستانیک: ماوەی ئەم سێ ساڵەی لێرەم کارێکی وام کردووە دوو بەرامبەری جاران گوڵ بگرێت، ئێوە لە باخچەکەتاندا لەو جۆرە گوڵەتان نییە؟

وانیک: نەخێر.

ستانیک: دوایی بیرت نەچێت! تا دوو قەڵەمی باشت بۆ جیا دەکەمەوە و دێم بۆتی دەڕوێنم.

(بەرەو لای دۆڵابی خواردنەوەکە دەچێت و دەرگاکەی دەکاتەوە) کەمێک شەراب؟

وانیک: نا، زۆر سوپاس.

ستانیک: تەنیا کەمێک، لەبەر ئەم دیدارەمان!

(شەراب دەکاتە نێو دوو فنجانی بچووکەوە، یەکێکیان دەداتە دەست وانیک).

بەخۆشیی نوێکردنەوەی ئەم دیدارەوە

وانیک: بەخۆشی بێت!

(هەردووکیان دەست دەکەن بەخواردنەوە، وردە وردە وانیک هەست بەلەرزین دەکات)

ستانیک: بەڕاستی ئەگەر نەهاتبای نیگەران دەبووم.

وانیک: بۆچی؟

ستانیک: باش دەزانیت... هەموو شتێک بەخراپ

بەسەریەکدا کەوتووە.

(ئاماژە دەدات بەکورسییەکان) و فەرمووو دانیشە.

وانیک لەسەرخۆ دادەنیشێت و جانتاکەی لەسەر کۆشی دادەنێت.

دەزانیت لەم سالانەدا بەو شێوەیە نەگۆڕاویت؟

وانیک: تۆش هەر بەهەمان شێوە.

ستانیک: من؟ تکادەکەم! چەند ڕۆژێکی تر تەمەنم دەگاتە پەنجا ساڵ، خەریکە سەر و ڕیشم سپی دەبێت و چەند نەخۆشییەکی جۆراوجۆریش سەرهەڵبدەن، چیتر بارودۆخ گۆڕاوە لەم ڕۆژگارەدا مەگەر مرۆڤ دەتوانێت دڵخۆش بێت! بەڕاست نازانی کەی بوو یەکترمان بینی؟

وانیک: نازانم...

ستانیک: شەوی کردنەوەی دوا شانۆییەکەتان بوو؟

وانیک: دەشێت وابێت.

ستانیک: چ ڕۆژانێکمان بەفیرۆ چوون! وەک بڵێی هەرگیز نەماندیبن.... کەمێکیش لەسەر ئەو کارە یەخەی یەکترمان گرت

وانیک: وابوو؟

ستانیک: ئێوە منتان بەساویلکە و خۆش خەیاڵ تاوانبارکرد، پاشان پەیم برد بەحەقیقەتی قسەکانت، ئەو کاتانە هێشتا خۆش خەیاڵ بووم و وام دەزانی دەتوانم شتێک لەحەز و ئومێدی لاویم بێنمە دی، پێشم وابوو تۆ هەموو شتێک بەڕەشی دەبینیت.

ستانیک: بەڵێ، ئێستا هەموو شتێک پێچەوانە بووەتەوە.

(وەستانێکی کورت)

بەتەنیا هاتوویت؟

وانیک: مەبەستت لەچییە؟

ستانیک: گوتم ڕەنگە کەسێک تۆی.....

وانیک: چاودێری.

ستانیک: دەزانیت، ئێستا نامەوێت گەورەی بکەم، سەرئەنجام ئەوە من بووم تەلەفۆنم بۆ کردی.... بەلام...

وانیک: من هەستم بەشتێکی وانەکردووە.

ستانیک: بەڕاست، ئەگەر دەتەوێت لەشەڕو شۆڕیان ڕزگارت ببێت، دەزانیت باشترین شوێن کوێیە؟

وانیک: کوێیە؟

ستانیک: لەناو بازاڕێکی گەورەدا و لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکیدا خۆت بزربکەیت و لەناکاو خۆت بکەیت بە سەر ئاوێکا و یەک دوو کاتژمێرێک لەوێ بمێنیتەوە، ئیتر ئەوان وادەزانن تۆ لەدەرگایەکی ترەوە خۆت دەربازکردووە، بۆ یەکجاریش بێت ئەمە تاقی بکەرەوە.

(بەرەو لای دۆڵابەکە دەچێت، پاش ماوەیەکی کەم بەشووشەیەکی پڕ لەشەرابەوە دەگەڕێتەوەو لەبەردەم وانیکا دایدەنێت)

وانیک: بەدڵنیاییەوە ئەم شوێنە زۆر هێمن و ئارامە.

ستانیک: لەڕاستیدا هەر لەبەر ئەمەبوو تێکڕای کەلوپەلی ناوماڵەکەم گواستەوە بۆ ئەم شوێنە.

پێشتر لەتەنیشت هێڵی شەمەندەفەرێکەوەبووم تەنانەت نەمدەتوانی دێڕێک بنووسم، سێ ساڵ دەبێت هاتومەتە ئەم خانووە، گرنگترین شتێک بەلای منەوە باخچەکەیەتی

(پاش کەمێکی تر پێکەوە دەچین بۆ ناو باخچەکە تا بەچاوی خۆت ببینیت چ گوڵێکی جوانی لێیە)

وانیک: بەتەنیا خۆت فریای سەروکاری باخچەکە دەکەویت؟

ستانیک: بەڵێ، ئێستا خۆشترین کات بەسەربردنی منە و هەموو ڕۆژێک تاڕادەیەک خۆم سەر قاڵدەکەم، ئەمڕۆ فریای نەمامە قەیسییەکان کەوتم، من شێوازی تایبەتی خۆم بەکار دەهێنم: وەک موتەربەکردنی لقی دارەکان بەپێکهاتەیەکی تایبەتی پەینی کیمیاوی و سروشتی، هەروا بەئاسانی باوەڕناکەیت چەندە سوود و بەرهەمی هەیە، کاتی ڕۆیشتنت یەک دوو نەمامت پێ دەدەم و بیانبە بزانە چۆنن.

(دەچێت بۆ لای مێزەکەو لەیەکێک لەچەکمەجەکانیدا پاکەتێک جگەرە، چەرخێک،

تەپڵەکێک دەهێنێت و لەبەردەم وانیکدا دایاندەنێت).

فردیناند وانیک فەرموو دووکەڵێک بکە.

وانیک: بژیت.

وانیک جگەرەیەک ڕۆشن دەکات، ستانیک لەسەر کورسیی دووەم دادەنیشێت و پەرداخە شەرابەکە دەخواتەوە.

ستانیک: قسەبکە بزانم حاڵ و ئەحواڵی تۆ چۆنە؟

وانیک: هەربژیت... دەگوزەرێت.

ستانیک: ئێستاش بێزار و هەراسانت دەکەن؟

وانیک : بەڵێ، زۆر جار.

(وەستانێکی کورت)

ستانیک: بارودۆخی ئەوێ چۆنبوو؟

وانیک: کوێ؟

ستانیک: دەشێت تەحەمولی بکرێت؟

وانیک: مەبەستت زیندانە؟ مەگەر ڕێگە چارەیەکی تر هەیە؟

ستانیک: درۆم نەکردبێت ماوەیەک (مایەسیری)ت بوو، بێگومان پیس و پۆخڵیی ناو زیندان و خراپی بارودۆخی ئەوێ دیارە.

وانیک: شافیان پێ دەدام...

ستانیک: ڕەنگە تۆ پێویستیت بەنەشتەرگەری هەبێت، باشترین پزیشک و پسپۆری ئەو بوارە دەناسم و هاوڕێی خۆمە، ئەم کەسە دەناسم و من دەتوانم خەمێکت بخۆم.

وانیک: زۆر سوپاس...

(وەستانێکی کورت).

ستانیک: دەزانیت، زۆرجار پێموایە ئەو کاتانەی ڕابووردن جگە لەخەوێکی خۆش هیچی تر نین، ئەو شانۆیيانەی کە پڕبوون لەجوانی و خرۆشان، پێشانگەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەو ڕاوێژە جۆربەجۆرکان دەربارەی هونەر! ئەو هەموو حەزو خولیاو ئومێدە...

چەندە ئایدیالیو بەبەرنامەبووین، شوێنی کۆبونەوەو ژوانەکانمان بەردەوام جمەیان دەهات و پڕ لەهات و هاواربوون، لەگەڵ ئەو کیژە شۆخ و شەنگانەی هەموو جارێک دەپەڕینە سەر کۆڵمان! لەگەڵ ئەوەشدا چەندە سەرقاڵی کار و چالاکی بووین! هاوڕێ ئەو ڕۆژانە هەرگیز ناگەڕێنەوە: (ستانیک دەبینێت هاوڕێکەی پێڵاوی لەپێدانییە لەبەر ئەوەی فەرشی ژوورەکە پیس نەکات) ئەی هاوار! بۆچی پێڵاوەکانت داکەندووە؟

وانیک: بەڵێ...

ستانیک: پێویستی بەوە نەدەکرد، هاوڕێ خۆ فەرشەکانمان ئێرانی نین.

وانیک: زۆر ئاساییە.

(وەستانێک: هەردووکیان فرێک دەخۆنەوە)

ستانیک: لێیان دایت؟

وانیک: نەخێر...

ستانیک: بەڕاست پەیڕەوی دەکرێت لەمجۆرە شتانە؟

وانیک: بەڵێ زۆر جار، بەڵام نەک بۆ سیاسییەکان؟

ستانیک: من زۆر جار خەمی تۆم بوو.

وانیک: سوپاست دەکەم.

(وەستانێکی کورت)

ستانیک: تەنانەت بیریشمان لێ نەکردبووەوە

وانیک: لەچی؟

ستانیک: تەنانەت هیچ کەسێک پێی وانەبوو بگاتە ئەو ئاستە؟

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: مایەی هەڵوەستەکردنە، بەڕاستی، وڵات خەریکە لەنێو گەندەڵی و بێ سەروبەرەییدا نقووم دەبێت، دیارنییە کە چ بەڵاو گرفتێک بەسەر میللەتدا هاتووە ! ئایا ئەمانە هەمان خەڵکن کە چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەو هەموو ئازایەتیو بەرخوردانەیان نیشاندەدا؟ بەڵام ئەمە دیاردەیەکی گەلێک ترسناکە! لەهەموو شوێنێک تەنیا خۆپەرستی و گەندەڵیو..! سەرنج بدە لەنێو ئێمەدا چییان خوڵقاندووە! ئایا ئێمە بەڕاست هێشتا خۆمانین؟

وانیک: من بارودۆخەکە ئەوەندەش بەڕەش

نابینم.

ستانیک: هاوڕێ دڵت لەمن نەڕەنجێت، بەڵام دەبێت بڵێم تۆ لەبارودۆخێکی ئاساییدا ناژیت، چونکە تۆ لەگەڵ تەنیا چەند کەسێکی دەسەڵاتدار و بەناوبانگدا پەیوەندی و هەڵسوکەوت دەکەیت، هەر لەبەر ئەوەیە هێشتا دەتوانیت ئومێد و هیوایەک بەهەموو لایەک ببەخشیت، بەڵام ئەگەر بزانیت من سەروکارم لەگەڵ چ جۆرە کەسانێکدا هەیە! خۆشحاڵبە لەمجۆرە دۆخەدا خۆت دەربازکردووە، بەڕاستی مرۆڤ بێ تاقەت و بێزار دەکات.

وانیک: مەبەستت بارودۆخ و فەزای تەلەفزیۆنە؟

ستانیک: مەبەستم هەموو شوێنێک، تەلەفزیۆن، سینەما...

وانیک: بەم دواییانە تۆ بۆ تەلەفزیۆن کارێکی..

ستانیک: تۆ نازانی چ گێرە و کێشەیەکم هەبوو! سیناریۆکەمیان زیاتر لەساڵێک دواخست و بۆیان گەڕاندمەوە، کارەکەمیان دوای چەندین جار دەستاودەست پێکرد، دڵ و جەرگیان دەرهێنا و بەڕاستی بەشی یەکەم و دوا بەشیان لەبناغەوە گۆڕیبوو، باوەڕناکەیت کە چۆن ڕێگری دەکەن و پێداگری دەکەن لەچەند شتانێکی لاوەکی، هەموو ڕۆژێک بەخۆم دەڵێم باشتر وایە هێڵێک بکێشم بەسەر ئەم کارانەدا و لەگۆشە و کەنارێکدا سەری خۆم کزبکەم و بۆ خۆم هەر خەریکی ڕواندنی نەمامە قەیسییەکان بم.

وانیک: تێگەیشتم....

ستانیک: بەڵام زۆر جار ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە، ئایا هەقە ئێمە بەمجۆرە گۆڕەپانەکە چۆڵبکەین؟ پێدەچێت هەر ئەو تۆزە توانا و کارەی کە ئەمڕۆ بەدەستمان دێت شتێک بەخەڵکی ببەخشێت.... کەمێک باوەڕ و متمانە... ڕەنگە بێداریان بکاتەوە... (هەڵدەستێتەوە سەر پێ) هەر ئێستا جوتێک نەعلت بۆ دەهێنم.

وانیک: زەحمەت مەکێشە...

ستانیک: بەڕاست ناتەوێت؟

وانیک: نەخێر.

(ستانیک دووبارە دادەنیشێتەوەو تاوێک ڕادەمێنێت، پەرداخێکی تر شەراب دەخواتەوە)

ستانیک: مادەی هۆشبەر چی؟ تۆزێک دەرخواردی مرۆڤ نادەن؟

وانیک: نەخێر.

ستانیک: ئەی دەرزیی گوماناوی؟

وانیک: تەنیا ڤیتامین و بەس...

ستانیک: لەوێ هیچ ناکەنە ناو خواردنەوە

وانیک: بۆچی نا، زۆرجار کافور دەکەنە ناو خواردنەوە بۆ ڕێگرتن لە...

ستانیک: بەدڵنیاییەوە هەوڵیانداوە هەر چۆنێک بێت کۆنترۆڵتان بکەن.

وانیک: بەڵێ...

ستانیک: ئەگەر ناتەوێت قسە بکەیت... ناچارنیت... هاوڕێ

وانیک: لەڕاستیدا ئامانج و مەبەست لەزینداندا هیچ شتێکی تر نییە، تەنیا مەبەستیان ئەوەیە خەڵکی پلەیەک بهێننە خوارەوە.

ستانیک: قسەشیان لێ دەربێنن.

وانیک: بەڵێ هەروایە.

ستانیک: ئەگەر من ببەن بۆ پرسیارکردن و دانپیانان، کە دڵنیاشم ئەو ڕۆژە هەر دێت.

دەزانیت: چی دەکەم؟

وانیک: چی دەکەیت؟

ستانیک: دەمم دادەخەم و هیچ ناڵێم، ئەمە باشترین ڕێگەیە بەمجۆرە مرۆڤ خەیاڵی ئاسوودەیە کە هیچ شتێکی نابەجێ نەدرکێنێت.

وانیک: بەڵێ، وایە.

ستانیک: با وازبێنین لەم قسانە من پێموایە تۆ دڵ و دەروونێکی بەهێزت هەیە، چونکە لەبەرامبەر ئەم هەموو شتانەدا خۆڕاگربوویت و هێشتا کۆڵت نەداوە...

وانیک: مەبەستت لەچییە؟

ستانیک: مەبەستم ئەم ناڕەزایەتی و جموجووڵ و نووسینانەیە، ئەو هەموو چالاکی تێکۆشانەیە لەبواری مافی مرۆڤدا، ئەو کار و کۆششەیە کە تۆ و

هاوڕێکانت پێی هەڵدەستن.

وانیک: من بەو ڕادەیەش کار و کۆشش ناکەم.

ستانیک: ئەوەندەش بێ فیز مەبە هاوڕێ، من ئاگادارم! ئەگەر ئەم هەموو خەڵکە وەک تۆ بوونایە ئێستا بارودۆخمان ئاوادەبوو! بێگومان تاڕادەیەک گرنگە لێرەدا هێشتا چەند کەسێک هەن لەدەسەڵات نەترسن و لەبری خەڵکی دەم بکەنەوە و قسە لەسەر حەقیقەت و ڕاستی بکەن! پێتوایە من لەخۆمەوە قسەدەکەم و زیادەڕۆیی دەکەم، بەڵام بەبڕوای من تۆ و هاوڕێکانت بەڕاستی کار و ئامانجێکی مرۆڤایەتیتان خستووەتە سەر شانتان، واتە دەتانەوێت ئێمە لەخەوی بێ ئاگایی بێداربکەنەوە، ڕەنگە کار و ئامانجی ئێوە تەنیا پلیکانەیەکی بچووک بێت، بەڵام هەمان پلیکانە گۆڕەپانێکە بۆ بونیاد نانەوەی ئاکاری کۆمەڵگە.

وانیک: تۆ زیادە ڕەوی دەکەیت.

ستانیک: بەهەرحاڵ ئەمە ڕاو بۆ چوونی منە.

وانیک: سەرنج بدە هەموو، مرۆڤە ڕەسەنەکان هەر بەمجۆرەن.

ستانیک: مەگەر چەند جۆر لەم مرۆڤانەمان هەن، ها؟ چەندێک؟

وانیک: زۆر.

ستانیک: بەڵام من تەنیا ئێوە دەبینم.

وانیک: پێدەچێت بەهۆی ئەمەوە کە نیشاندانی بۆ ئێمە ئاسانتر بێت؟

ستانیک: پێم وانییە تۆ هەرچی زیاتر کار و کۆشش دەکەیت، بەرپرسیاریەتیی زیاتر دەخەیتە سەرشانت لەبەرامبەر کەسانێکدا کە لەتۆوە شت فێردەبن، هەر بۆیە دواتان دەکەون، چونکە باوەڕو متمانەتان پێدەکەن و تاڕادەیەک ئازایەتیو ڕێزیشیان بۆ مسۆگەر دەکەن، (هەڵدەستێتەوە) هەر ئێستا جووتێک نەعلت بۆ دەهێنم.

وانیک: بەڕاستی پێویست ناکات.

ستانیک: کاتێک بەو گۆرەوییانەوە تۆ دەبینم، قاچەکانم هەست بەسەرمادەکەن. (دەچێتە دەرەوە بەجوتێک نەعلەوە دەگەڕێتەوە) لەبەردەم وانیکدا دەچەمێتەوەو پێش ئەوەی وانیک دەرفەتی هەڵوێستێکی هەبێت، نەعلەکان دەکاتە پێی ئەو...

وانیک (شەرمنانە) ئەڵێ: زۆر سوپاس.

ستانیک: تکا دەکەم وانیک بۆچی وادەڵێیت؟

(بەرەو گەنجینەکە دەڕوات شووشەیەک کهول دەهێنێت، دەیەوێت پەرداخەکەی وانیک پڕ بکات).

وانیک: تکایە ئیتر بۆم تێ مەکە.

ستانیک: بۆچی؟

وانیک: حاڵم باش نییە.

ستانیک: لەوێ سەریان خستەسەرت؟

وانیک: ئەوەش دەبێت، بەڵام ڕاستییەکەی دوێنی.......

ستانیک: بەڵێ تێگەیشتم و باشبوو بیرم کەوتەوە، ئەم مەیخانە کولانەسەگەیە دەزانیت؟

وانیک: نەخێر.

ستانیک: ئەوجا بزانە کە شەرابەکەیان ڕاستەوخۆ لەگەنجینەکەیاندا دروست دەکەن، نرخەکەشی گران نییە، باشییەکی تری ئەمەیە، ئەم مەیخانەیە زۆر قەرەباڵغ نییەو بەڕاستی هۆڵێکی زۆر دڵگیری هەیە، ئەمەش قەرزاری چەند هونەرمەندێکی دەسترەنگین و شایستەیە کە مۆڵەتیان پێدان بەشێوازێکی جوان بیڕازێننەوە، ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت سەرێکی لێبدە، دوێنێ تۆ بۆ کوێ چووبویت؟

وانیک: چووم بۆلای لندۆفسکی هاوڕێم.

ستانیک: باشە جائیتر دیارە کە سەرئەنجامێکی هەبووە؟ ئەم لندۆفسکییە هونەرمەندێکی پڕ لەهەرا و هوریایە، بەڵام کاتێک پەرداخەکە دەنێت بەدەمیەوە چیتر کۆتاییەکەی دیارنییە. ئێستا خۆ بەپەرداخێکی تر ڕازیت؟

(ستانیک پەرداخەکانی وانیک پڕدەکات و شووشەکە دەکاتەوە شوێنی خۆی و دادەنیشێت لەسەر کورسییەک).

(وەستانێکی کورت)

باشە چیتر دەنگوباست؟ ئێستاش دەنووسیت؟

وانیک: هەوڵدەدەم.

ستانیک: شانۆنامەیەک.

وانیک: یەک پەردەیی.

ستانیک: دووبارە لەبارەی ژیانی خۆتەوە؟

وانیک: تارادەیەک.

ستانیک: من و هاوسەرەکەم لەم ماوەیەدا شانۆنامەکەتمان خوێندەوە ئەوەی ئاوجۆسازیەکە، زۆر جوان بوو

وانیک: خۆشحاڵم کە پەسەندی دەکەیت.

ستانیک: بەڵام بەداخەوە سێدیەکەیمان زۆر بەناڕەحەت دەستکەوت.

وانیک: بەداخەوەم

ستانیک: بەڕاستی کە کارێکی جوانە، بەڵام تەنیا کۆتاییەکەی کەمێک نادیار و ئاڵۆز دەبوو کەمێک روونتر تەواوت بکردایە، تۆ لەتەواوکردندا توانا و بەهرەت هەیە.

(وەستان... دەخۆنەوە وانیک هەڵدەلەرزێت)

چیتر؟ پاوڵ چی دەکات؟ ئێستاش دەیبینیت؟

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: ئێستاش دەنووسێت؟

وانیک: ئەو بەردەوام تا ئێستاش کار لەسەر یەک پەردەیی دەکات، بڕیارە بێت بۆماڵمان و چاومان بەیەکتری بکەوێت.

ستانیک: ناشێت بتانەوێت پێکەوە گروپێک دروستبکەن؟

وانیک: باشە زۆربەی جارەکان... بەڵێ، زۆرجار.

ستانیک: بەڕاشکاوانە بڵێم من لەهاوکاریکردن و پەیوەندیی دوو کەسەی ئێوە تێناگەم، مەگەر تۆ ناچاریت؟ ئەم (پاوڵ)ە، نازانم تەنیا بەسە بۆ ئەوەی لەکارەکانی یەکەم جاری سەرنج بدەی، چ حەز و توانایەکی هەبوو، ئێمە بەکورتی هاوتەمەنی یەکترین و وەک دەڵێن پێکەوە گەرما و سەرمای رۆژگار و شکست و سەرکەوتنمان ئەزمون کردووە و دەبێت دان بنێم بەوەدا بۆ تۆ، کارێک ئەو ئەنجامی دا لەدوای رووداوی (چل و هەشت)، تەنانەت بۆ من مایەی ڕاچڵەکین بوو، ئەمە پەیوەندیی بەخۆتەوە هەیە خۆت باشتر ئەمە دەزانیت.

وانیک: بەڵێ.

(وەستان، هەردووکیان دەخۆنەوە وانیک هەڵدەلەرزێت).

ستانیک: هاوسەرەکەت گوڵ و گوڵزاری پێخۆشە؟

وانیک: نازانم بەڵام بەدڵنیاییەوە...

ستانیک: ئەو هەموو جۆرە گوڵەی کە من هەمە هیچ کەسێکی تر نییەتی، لەم گوڵانەدا بەلایەنی کەمەوە شەش ڕەنگ دەبینیت، پێت وانییە ئەگەر چەند دانەیەک لەوچڵە نەمامانەی بۆ بەریت خۆشحاڵتر دەبێت؟

وانیک: بۆچی نا، بەدڵنیاییەوە.

ستانیک: هێشتا زووە دەتوانیت ئەمانە بنێژیت.

(هەڵدەسێتەوەو بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات و سەیرێکی دەرەوە دەکات، لەژوورەکەدا دێت و دەچێت و بەبیرو سەرنجدانەوە دەگەڕێتەوە بۆلای وانیک)

وانیک : بەڵێ.

ستانیک: پێت سەیرنەبوو من لەپڕێکدا تەلەفۆنم بۆکردیت؟

وانیک: بۆچی، کەمێک.

ستانیک: دەمزانی، بەکورتی من لەڕیزی ئەو کەسانەدام وەک تەختەی سەر ئاویان لێهاتووە، دەتوانم هەست بکەم تاوێک خۆت دوور ڕابگریت لەمن.

وانیک: بەهیچ جۆرێک.

ستانیک: مەبەستم لەتۆ نییە، بەڵام دەزانم کە برێک لەهاوڕێکانت وادەزانن هەر کەسێک ئەمڕۆ بێتە دەرەوەی وڵات، یا پیس و نەگریسە یان گەلحۆو نەزانە.

وانیک: پێم وانییە.

ستانیک: ئەگەر بیروڕات بەمجۆرەش بێت ناڕەحەت و بێزارنابم لەتۆ، چونکە سەرچاوەو هۆکاری ئەم بڕیارە پێشوەختانە باش دەناسم.

(وەستانێکی پڕ لەسەرنج):

وانیک!

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: من دەزانم تۆ گرنگییەکی زۆر دەدەیت

بەکارو ئامانجەکانت، بەڵام سەرنج لەشتێک بدە؟ مرۆڤێک لەبەختێکی باش یان خراپدا توانیویەتی لەگەڵ بارودۆخی ئێستا کەنارگیری بکات، لەهەمان کاتدا دەیەوێت بەویژدانی خۆیەوە ژیان بکات، کارو جوڵەی بەڕاستی ئاسایی نییە.

وانیک: قبوڵمە.

ستانیک: پێدەچێت کار و کۆششی ئەو تەنانەت لەلایەنێکەوە دژوارتریش بێت.

وانیک: تێگەیشتم.

ستانیک: ئەڵبەتە من بۆیە تەلەفۆنم نەکرد بۆ تۆ کە خۆم گرێبدەم بەبیانو و پاساوێکەوە، چونکە بەڕاستی بۆ ئەم کارە هیچ پێویستییەک نابینم، بەڵکو زیاتر لەم لایەنەوە کە تۆم زیاتر خۆشدەوێت بۆ من زۆر مایەی داخە، ئەگەر تۆش هەمان بڕیاری پێشوەختت هەبێت وەک هاوڕێکانت.

وانیک: تا ئەو جێگەی من ئاگادارم هیچ کەسێک دەربارەی تۆ بیروڕایەکی خراپی نییە.

ستانیک: تەنانەت (پاوڵ)یش؟

وانیک: نەخێر.

(وەستانێکی کورت)

ستانیک: وانیک.

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: ببوورە

(بەرەو لای ئامێرە دەنگییەکە دەچێت، هەڵی دەکات مۆسیقایەکی ئارام و هێمن بەرگوێ دەکەوێت)

وانیک ئایا تۆ کەسێک دەناسیت بەناوی (یاوورک) ەوە؟

وانیک: ئەم گۆرانیبێژە؟ بەڵێ دیارە.

ستانیک: باشە هەواڵت هەیە چی بەسەرهاتووە؟

وانیک: بەڵێ دەستگیریان کردووە، چونکە لەیەکێک لەگۆرانییەکانیدا ڕەخنەی گرتووە، وتویەتی تەنانەت پاسەوانێکی سەر بە دەسەلآت دەتوانێت لەسەر جادە ڕێ لە (پەنگوینێک) بگرێت.

ستانیک: دیارە بیانووەکەیان هەر ئەمەبووە، ڕاستییەکەی ئەمەیە کە (یاوورک) ماوەیەک بوو ببووە دڕک بۆ چاوی دەسەڵاتداران، چونکە ئامادە نەبوو بڕیار لەوانەوە وەربگرێت. دەبینین چەندە ئەم هەڵوێستە دڵڕەقانە نا بەجێیە

وانیک: ترسنۆکانەیە؟

ستانیک: بەڕاستی ترسنۆکانەیە. من دەست بەجێ هەوڵم دا کارێکی بۆ بکەم، بەڵێ بەکورتی لەکۆمیتە و ناوچەی حیزبدا و لیژنەی دادوەری گشتیدا چەند هاوڕێ و دۆستێکم هەیە. بەڵام کە خۆت دەزانیت، هەموویان بڕیار دەدەن کارێک بکەن، بەڵام دەڕۆن بەدوای ژیانی خۆیاندا کێ دەوێرێت یاری بەئاگر بکات، (هەر کەسێک دەیەوێت دەست بەکڵاوە شڕەی خۆیەوە بگرێت، بەڕاستی مایەی ڕاچڵەکین و سەرنجە)وەرگێڕ.

ستانیک: وانیکی خۆشەویست من بەڕاستی بەوجۆرەنیم، هاوڕێکانت کە پێشبینیی دەکەن.

(وەستانێکی کورت)

با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی (یاوورک)

وانیک: بەڵێ

ستانیک: کاتێک بینیم کە بەمجۆرە ناتوانرێت شتێک بکرێت، پێموایە دەشێت کارێکی تر بکرێت. دەزانیت مەبەستم بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتییە. هەر لەبەرئەمە بوو گوتم باشترە قسە و ڕاوێژت لەگەڵ بکەم، ئاشکرایە کە تۆ لەمجۆرە کارانەدا لەمن زیاتر ئەزموونت هەیە، ئەگەر چەند کەسێکی شارەزا و وریای وەک تۆ لەپشت ئەم کارەوەبن، دەکرێت بەئاسانی لەڕۆژئاواشدا بڵاوبکرێتەوە. ئەمەش دەتوانرێت ببێتە هۆی فشارێکی سیاسی. ئەڵبەت دەسەڵاتداران بەم شتانە زۆر خۆشیان ناوێت، بەڵام ڕێگەچارەیەکی تر شک نابەم بۆ هاوکاریکردنی ئەو لاوە، ئەڵبەتە مەبەستم (ئانی)یە.

وانیک: ئانی؟

ستانیک: کچەکەم.

وانیک: کچەکەی تۆ؟

ستانیک: بەڵێ.

وانیک: هاوکاریکردنی ئەو؟

ستانیک: پێم وابوو کە تۆ دەزانیت.

وانیک : چی؟

ستانیک: دووگیانە، بە (یاوورک).

وانیک: کە بەم جۆرەیە، کەوابوو.

ستانیک: ئارام بگرە، ئەگەر پێتوایە من تەنیا بەهۆی بیانو و پاساوی خێزانییەوە خۆم لەقەرەی ئەم مەسەلەیە دەدەم.

وانیک: دەزانم تەنیا لەبەر ئەمە نییە.

ستانیک: بەڵێ، مانای ئەوەیە کە...

وانیک: دەمویست بڵێم ئێستا زانیم کە تۆ چۆن لەم مەسەلەیە ئاگاداربوویت، چونکە پێم وانییە ئەوەندە ئاگاداری گۆرانییەکانی ئەو گەنجە بیت، ببورە ئەگەر دەربڕینم ئەم جۆرە بیروبۆچوونەی دروستکرد کە...

ستانیک: ئەگەر ژنێکی تریش بوایە و لە (یاوورک) دووگیان بوایە، من هەر بۆ ئەم مەسەلەیە قسە و ڕەخنەی خۆم هەبوو.

وانیک: بەدڵنیاییەوە.

(وەستانێکی پڕ لەسەرنج)

ستانیک: دەربارە بەبڵاوکردنەوەی نامەیەکی نارەزایەتی چ بۆچوونێکت هەیە؟

(وانیک جانتاکەی دەپشکنێت، کاغەزێکی لێ دەردێنێت و دەیداتە دەست ستانیک)

وانیک: ڕەنگە بیر لەچەند شتێکی لەم جۆرە بکەیتەوە؟

(ستانیک کاغەزەکەی لێ وەردەگرێت و بەخێرایی بەرەو لای مێزەکە دەچێت، چاویلکەکەی دەکاتە چاوی و نامەکە بەسەرنجەوە دەخوێنێتەوە)

(وەستانێکی دوورو درێژ)

(ستانیک دیارە خافڵگیر بووە، پاش خوێندنەوەی نامەکە چاویلکەکەی لادەبات و پەیتا پەیتا بەژوورەکەدا دێت و دەچێت)

ستانیک: بەڵێ، بەڵێ. ئەمە هەرایەکە! زمانی منت وەستان! چەند ڕۆژێکە من بەهۆی ئەم کارەوە فشاری زۆرم خستبووە سەر مێشکم.... کۆتاییەکەی بەوە دەگەم کە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ تۆدا باس بکەم....و دەبینم تۆ هەموو شتێکت ئامادەیە و لەنێو جانتاکەتدا داناوە! بێ وێنە نییە؟ بەڵێ، من دەمزانی دەبێت بۆ لای کێ بچم!

(ستانیک بەرەو لای مێزی نووسینەکە دەگەڕێتەوە و دادەنیشێت، دووبارە چاویلکەکەی دەکاتەوە چاوی و دەقی نامەکە دووبارە دەخوێنێتەوە) بەڕاستی ئەمە ئەو شتەبوو کە خۆم بیرم لێکردبویەوە، کورت و ڕۆشن و بەئەدەبانەیە.... و لەهەمان کاتیشدا یەکلاکەرەوەشە! هاوار دەکات ئەمە کاری شارەزا و پسپۆڕێکە! بۆ نووسینی دەقێکی لەم جۆرە من دەبوو یەک ڕۆژی تەواو فشار بخەمە سەر خۆم، بێگومانم بەو شێوە جوانەش دەرنەدەچوو.

(وانیک لەم وەسفانەی ئەو شەرمەزار دەبێت)

سەرنجبدە، تەنیا ڕەخنەیەکی بچووک! پێتوایە ئەم وشەی (ملهوڕانە) لەکۆتایی ئەم نووسراوەدا پێویستە؟ ڕەنگە بتوانیت وشەیەکی گونجاوتر و باشتر دابنێین لە شوێنی؟ هەست دەکەیت تۆزێک لەچوارچێوەکەیەوە دەردەچێت، هەموو نووسراوەکە بێگومان جوان و بەجێیە، بەڵام ئەو وشەیەی کۆتایی ڕاستەوخۆ کردوویەتی بەهەڵچوونێکی دەماری، بیروڕای تۆ چۆنە؟ چونکە نووسراوەکە زۆر باش و بەهێزە، پێموایە پەرەگرافی دووەمیش کەمێک درێژە، لەبەرئەوەی تەنیا ناوەڕۆکی پەرەگرافی یەکەم جوانتر دەکات. لەلایەکی ترەوە ئەم بەشە زۆر جوانە کە باس لە کاریگەریی (یاورک) دەکات لەسەر گەنجان، ئەم بیروبۆچوونە هەردەبوو باس بکرایە. ئەگەر تۆ ئەم نووسراوە هەر بەو جۆرە ڕستەیە کۆتایی پێ بێنیت و بیر لەگۆڕینی وشەی (ملهوڕان)ە بکەیتەوە بەڕاستی بێ کەموکورتی دەبێت، بەڵام تکادەکەم ئەوە تەنیا وەک دەربڕینی بیروڕایەکی تاکە کەسی وەربگریت، من نامەوێت بیسەپێنم بەسەر تۆدا، هەموو نووسراوەکە شێوازێکی بەرز و بێ وێنەی هەیە و داڕشتن و دەربڕینێکی زیرەکانەی پێوە دیارە، وانیکی خۆشەویست، من بەڕاستی نازانم چۆن سوپاسی تۆ بکەم، تۆ شارەزایت، کە کاکڵە و جەوهەری مەبەست بەیان بکەیت و لەخۆڕا تووڕەبوون دەرنەبڕیت، ئەمەش لەهەموو کەسێک ناوەشێتەوە.

وانیک: بۆچی؟ زۆرێک هەن.

(ستانیک چاویلکەکەی لادەبات لەسەرچاوی و هەڵدەستێتەوە و دەچێت بەرەو لای وانیک، کاغەزەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت، پاشان لەسەر کورسیەکە دادەنیشێت و پەرداخەکە دەبات بۆ دەمی)

(وەستانێکی کورت)

ستانیک: چەندە خۆشحاڵم، دەبینم کەسانێک هەن لەم جۆرە کارانەدا هەم شارەزا و هەم شایەنی باوەڕ و متمانەن.

وانیک: ئەمە شتێکی زۆر ئاسان و سادەیە.

ستانیک: ڕەنگە بۆ تۆ وابێت، بەڵام بۆ ڕێ و شوێنێک کە من لەگەڵیاندا هەڵسووکەوت و پەیوەندیم هەیە، ئەم کارە بەڕاستی ئاسان و سادە نییە، تەنانەت بەپێچەوانەوە! کاتێک بزانن تۆ دووچاری کێشە و گرفتێک بوویت، زۆر بەخێرایی پشتت لێ هەڵدەکەن و دوور دەکەونەوە لێت، لەترسی ئەوەی نەبادا شتێک لەدەست بدەن لەهەموو شوێنێک هاوار دەکەن نەئێستا و نەهیچ کاتێک بچووکترین پەیوەندی و هاتوچۆیان لەگەڵتا نەبووە، دەزانم نابێت ئەم شتانە بەتۆ بڵێم، چونکە خۆت کەسێکی وریا و بەئەزمونی، تۆ کاتێک لەزیندان بوویت، هاوڕێ کۆنەکان و هاوکارانی شانۆی تۆ هاتن بۆ تەلەفزیۆن چییان ئەگوت..... بەڕاستی مایەی نەفرەتکردنە؟!

وانیک: ڕەخنە و قسەی نابەجێیان تێناگرم، دەزانیت.....

ستانیک: بەڵام من بۆچی! ئەمەشم بەڕاشکاوانە پێ گوتون، دەزانیت. کەسێک لەبارودۆخی من تێدەگات و زۆرێک لەشتەکان دەرک پێبکات و لەبەرچاویان نەگرێت، بەڵام ببوورە، هەرشتێک ڕادە و سنوورێکی خۆی هەیە! من تێدەگەم بۆ تۆ نەگونجاوە ڕەخنە لەو جۆرە گروپە بگرین، چونکە مەسەلەکە بەسەرخۆتا دەشکێتەوە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی (شانۆ)ییە! ئەگەر ئێمە بچینە ژێر باری ئەم خراپەکارییانەوە بەڕاستی خۆمان بەشدار دەکەین لەم هەموو بێ ڕەوشتییە و لەئاشکراکردنیشدا بەرپرسیارین. ڕاست ناڵێم؟

وانیک: بۆچی نا.

(وەستانێکی کورت)

ستانیک: ئەمەت بڵاوکردۆتەوە؟

وانیک: خەریکە ئیمزا کۆدەکەمەوە.

ستانیک: تائێستا چەند ئیمزا کۆکراوەتەوە؟

وانیک: نزیکەی پەنجا دانە.

ستانیک: پەنجا ئیمزا؟ خراپ نییە.

(وەستانێکی کورت)

ئیتر کار لەکار ترازاوە، چیتر بۆ من درەنگە.

وانیک: بۆچی درەنگ؟

ستانیک: هەموو شتێک ئامادەیە و ڕێکخراوە.

وانیک: خۆ هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

ستانیک: بەڵێ لەگەڵتام، دەکرێت بەو شێوەیە بنێرێت بۆ ڕۆژئاوا و بڵاوی بکەنەوە، بائەوەش بڵێم ئەوە تەنیا نەدەیتە ئاژانسی هەواڵ، چونکە ئەوانە وەک هەواڵێکی کورت بڵاوی دەکەنەوە و تەواو، باشتروایە ڕاستەوخۆ بگەیەنرێتە چەند ڕۆژنامەیەکی گرنگی ئەوروپا، تا بەشێوەیەکی تەواو فراوان چاپی بکەن و لەگەڵ هەموو ئیمزا کۆکراوەکاندا.

وانیک: بەڵێ، ڕاستە.

(وەستانێکی کورت)

ستانیک: ئەوان ئاگادارن؟

وانیک : مەبەستت پۆلیسە؟

ستانیک: بەڵێ.

وانیک: نازانم، پێدەچێت هێشتا ئاگادار نەبن.

ستانیک: سەیربکە، من نامەوێت ئامۆژگاریی تۆ بکەم، بەڵام هەست دەکەم باشتر وایە هەرچی زووە تەواوی بکەیت و بڵاوبکرێتەوە، ئەگەر نا دەزانن و بەجۆرێک لەجۆرەکان ڕێدەگرن لەبڵاوکردنەوەی، پەنجا ئیمزا باشە ئیتر! مەبەست لەژمارەی ناوەکان نییە، بەڵکو گرنگی لەناوەکاندایە.

وانیک: هەر ئیمزایەک گرنگیی خۆی هەیە.

ستانیک: دیارە، بەڵام بۆ بڵاوکراوەیەکی بیانی کاتێک گرنگی دەبێت کە کەسانی بەناوبانگی وەک (پاول)یش ئیمزای کردبێت؟

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: باشە، بیروڕای ئێمە هەرچۆنێک بێت،

دەبێت ئەو قبوڵ بکەین کە ئەو لەدەرەوەیە بەڕاستی قورسایی خۆی هەیە.

وانیک: ڕاستە.

(وەستانێکی کورت)

ستانیک: سەیربکە وانیک!

وانیک: بەڵێ؟

ستانیک: دەمەوێت لەگەڵتدا دەربارە بەشتێکی تر قسەبکەم.... دەربارە بەمەسەلەیەکی زۆر هەستیار....

وانیک: فەرموو.

ستانیک: بەڵێ.... سەرنجبدە...... بێگومان من کە ملیۆنێرنیم، بەڵام بەڕاستی لەڕووی دەسەڵات و سامانەوە تاڕادەیەک لەهیچم کەم نییە.

وانیک: باشتر.....

ستانیک: هیوادارم.... بیروبۆچوونەکەم باش بێت.... دەزانم لەدەوروپشتی تۆدا کەسانێکی زۆر هەن کە ئیش و کاریان لە دەستداوە.... گوتم پێدەچێت بتوانم لەڕووی ئابوورییەوە تاڕادەیەک هاوکاری ببەخشم.

وانیک: زۆر سوپاس، هەندێک لەهاوڕێکانم بەڕاستی لەتەنگوچەڵەمەدان، ئەمەش بەڕاستی گرفتێکی گەورەیە و مرۆڤ نازانێت چۆن خۆی لێ ڕزگار بکات، کەسانێک کە زیاتر دەستکورت و هەژارین، کەمتر لەهەموان هاوکاری قبوڵ دەکەن.

ستانیک: ڕێژەیەکی زۆر و زەوەن نییە، بەڵام پێموایە زۆر جار تەنانەت (شا)یەک دەتوانرێت دەستی هاوکاریی بۆ درێژ بکرێت.

(ستانیک بەرەو لای مێزی نووسینەکەی دەڕوات، لەچەکمەجی مێزەکەدا دوو چەک دەردەهێنێت، تاوێکی کەم دەوەستێت و دانەیەکی تریش هەڵدەگرێت، دێتە لای وانیک، دەیانداتە دەستی)

وانیک: بژیت، لەناخی دڵەوە بەناوی هەموویانەوە سوپاست دەکەم.

ستانیک: دەبێت ئێمە هەموو دەستی یەکتری بگرین! پێویست ناکات کەس بزانێت ئەم یارمەتییە لەلایەن منەوەیە، من بەدوای سوپاس گوزارییەوەنیم، ئومێدەوارم تۆ هەست بەمە بکەیت.

وانیک: بێگومان، بەڕاستی سوپاست دەکەم.

ستانیک: حەز ئەکەیت پیاسەیەک بکەین بەناو باخچەکەدا؟

وانیک: بەڕێز ستانیک.

ستانیک: بەڵێ؟

وانیک: ئێمە دەمانەوێت هەر بەیانی ئەم نووسراوە بڵاوبکەینەوە.... ناڕەزایەتی دەربارە بەدەستگیرکردن و لێپرسینەوەی (یاوورک).

ستانیک: زۆرباشە، هەرچی زووتر بێت باشترە!

وانیک: تەنیا هەر ئەمڕۆ...

ستانیک: ئەمڕۆ باشتر وایە لێرەوە ڕاستەوخۆ بچیتە نێو جێگەی نووستنەوە، بیرت نەچێت دوێنێ شەو وەک پێویست نەخەوتویت و بەیانیش دنیایەک کار و ئەرکت لەسەرشانە.

وانیک: ڕاستە، بەڵام تەنیا دەمویست بڵێم کە....

ستانیک: هەرئەوەی کە گوتم! یەکسەر بچۆرەوە بۆ ماڵەوە، تەلەفۆنەکەت دابخە، ئەگەر نا (لندۆفسکی) سەرلەنوێ تەلەفۆنت بۆ دەکات و گرفتار دەبیت.

وانیک: دڵنیابە کە ئەمشەو لەماڵ دەمێنمەوە، بەڵام ئێستا دەبێت بچم بۆ لای چەند کەسێکی تر، دەمویست بڵێم کە.... ئەگەر تۆ ئەم کارەت پێ باشە... زۆر باش دەبوو ئەگەر تۆش هەم.... دەزانیت کە ڕۆمانی (گاڵە و هەرای) تۆیان خوێندووەتەوە.

ستانیک: تکا دەکەم وانیک! ئەم بەرهەمە هی پانزە ساڵ پێش ئێستایە.

وانیک: بەڵام هێشتا زۆرێک بیریان ماوە.

ستانیک: چی کار و خزمەتێکی تر لەمن دێت؟

وانیک: من پێموابوو ڕەنگە تۆش حەزت لێ بێت.....

ستانیک: چییە؟

وانیک: کە تۆش بدەیتە پاڵ ئێمە.

ستانیک: مەبەستت (ئاماژە بەنووسراوەکە دەکات) ئەمەیە؟

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: من؟

وانیک: ببووره.... پێموابوو کە تۆ.....

(ستانیک حەزی لەخواردنەوەی (کنیاک)ە (جۆرە کهولێکە)و بەرەو لای دۆڵابەکە دەچێت، شووشەیەک دەهێنێتە دەرەوە، پەرداخەکەی خۆی پڕدەکات و شووشەکە دەخاتەوە شوێنی خۆی، پاشان پەرداخەکە دەنێت بەسەریەوە، لەبیر و خەیاڵدا ڕۆچووە و بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات. ساتێکی کەم سەیری دەرەوە دەکات، لەپڕێکدا بەزەردەخەنەوە دەگەڕێتەوە بۆلای وانیک.

ستانیک: قسەی نییە؟

وانیک: چی، کێ؟

ستانیک: سەیر بکە لەچ بارودۆخێکی گێژانەدا دوو چاربووم! خۆت بڕیاربدە! تکا دەکەم لەتۆ، وەرە بۆ ئێرە تا کارێک بکەین بۆ (یاوورک) تۆ نووسراوێکی ئامادەم نیشان دەدەیت کە ئێستا پەنجا کەس ئیمزایان لەسەر کردووە، من خەریکە لەخۆشیاندا هۆش و خەیاڵم لەسەر نامێنێت وەک منداڵان دەخرۆشێم، پاشان فشار دەهێنم بۆ سەر مێشکی خۆم کە دەبێت چی بکەین تا ڕەنج و زەحمەتی تۆ بەفیڕۆ نەڕوات، بەڵام خراپترین شتێک بەخەیاڵمدا نایەت! مانای ئەوەیە هەر ئێستا نووسراوەکە لەدەستت وەربگرم و بێ دواکەوتن ئیمزای بکەم، بەبۆچوونی تۆ ئەمە کار و هەڵوێستێکی گەلحۆیانە نییە؟

وانیک : با.

ستانیک: وانیک، ئەم بارودۆخە بەجوانی نیشانی دەدات کە منیان خستووەتە چ گێژاوێکی ترسناکەوە! بیری لێبکەرەوە، من دەزانم ئەمە زۆر گێژانەیە، بەڵام خودی خۆم فێربووم کە بێ هۆ وابزانم ئەم جۆرە کارانە تایبەتە بەچەند کەسێکی شارەزا لەو بوارەدا، کە لەدەربڕینی ناڕەزایەتیدا پسپۆر و بەئەزمونن.... وەک ئەم (ناڕازیانە)... و کاتێک ئێمە پێویستیمان بەچەند کەسێکی تر هەبێت و بمانەوێت هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنێین، بەناچاری یەکسەر پەنادەبەمە بەر چەند کەسێکی وەک تۆ، ئەوکات کە تۆ دەفتەری خزمەتگوزاری ئاگاداریت کردووەتەوە! بێگومان ئەوکاتەیش پێکەوە جۆرێک لەدابەشکردنی کارکردنمان هەیە، کارو ئەرکی ئێمە تەنیا ئەمەیە کە وریا بین، نەبادا ئارامیو ئاسایشمان لێ تێک بچێت... تۆش کارو ئامانجت ئەمەیە لەجیاتی ئێمە دەم بکەیتەوە قسە بکەیت تا لەپاداشتیا لەدونیادا گەورەیی و لەو دنیاشدا پاداشتی خۆت وەربگریت، دەزانیت کەوتوینەتە ناو چ گێژاوێکی ترسناکەوە؟

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: هەست دەکەیت؟ ئەم دەسەڵاتدارانە ڕێککەوتن کارێک بکەن کە تەنانەت کەسێکی وەک من کە خۆی زۆر بەپاک و وشیار دەزانێت، ئەم بارودۆخە زۆر بەئاسایی و سادە وەربگرێت! دەبینیت کارمان بەکوێ گەیشتووە!... ترسناک نییە؟

(وەستانێکی پڕ لەسەرنج)

وانیک: باشە...

ستانیک: پێتوایە ڕۆژێک بێت ئەم خەڵکە بگۆڕێت؟

وانیک: نازانم.

ستانیک: دەبێت چی بکرێت؟ بەڕاستی دەتوانرێت چیتر بکرێت؟ دیارە مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە! تۆ پەیڕەوی لەویژدانی خۆت دەکەیت، بەڵام مەگەر هەموو خەڵکی دەتوانن وەک تۆ وابن؟ دیارە هەموو کەسێک ناتوانێت بەرگری لە مافی مرۆڤ بکات، وانیک بەو جۆرە نییە.

(ستانیک چاویلکەکە لە سەر مێزەکە دادەنێت و دەچێت بۆ لای وانیک)

ستانیک: دەتوانم ببینم؟

وانیک: چی؟

ستانیک: ئەم کاغەزە و ئیمزایانە؟

(وەستانێکی پر لەسەرنج)

وانیک: ستانیکی بەڕێز...

ستانیک: بەڵێ؟

وانیک: زۆر داوای لێبوردن دەکەم، من هەستێکی زۆر خراپم هەیە.

ستانیک: چۆن هەستێک؟

وانیک: نازانم، بەڵام تەنیا هەست بەئازار و

پەشیمانی دەکەم، هەست دەکەم کارێکی نەشیاوم کردووە.

ستانیک: چ کارێک؟

وانیک: دەرفەتم پێدای یەکەمجار قسەی دڵی خۆت بکەیت و پاشان داوام لێکردی ئەم بەیاننامەیە ئیمزا بکەیت... وەک ئەوەی بڵێت ویستبێتم تۆ بخەمە نێو گێژاوێکەوە.

ستانیک: بۆ پێتوایە ئەگەر پێشتر بمزانیایە بۆ پشتگیریی (یاوورک) ئیمزا کۆدەکەیتەوە، هیچ قسە و هەڵوێستێکم دەرنەدەبڕی.

وانیک: نا، پێموانییە...

ستانیک: ئەی ئیتر چییە؟

وانیک: چۆن بڵێم.

ستانیک: یان پێت سەیرە کە چۆن تەنانەت بیریشم لێ نەکردووەتەوە کە...

وانیک: مەبەستەکە ئەوە نییە...

ستانیک : ئەی ئیتر چییە؟

وانیک: پێم وایە باشتر ئەوەبوو یەکەم جار لەبەر ئیمزاکە بهاتمایە بۆلات، ئەو کات تۆ حەقی هەڵبژاردنت هەبوو.

ستانیک: ئەی ئیتر بۆچی ئەمەت نەکرد؟ یەکەمجار هێڵت کێشابوو بەدەوری مندا؟

وانیک: بیرم کردەوە کە.... بارودۆخی تۆ گونجاو نییە...

ستانیک: تێگەیشتم لەمەبەستت؟! ئێستا دیارە کە تۆ دەربارەی من بەڕاستی چ جۆرە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکت هەیە! تۆ پێشت وایە چونکە من جار جارە لەتەلەفزیۆندا بەرنامەیەکم هەیە، چیتر توانای ئەوەم نییە بەشداری بکەم لەناڕەزایەتی و پشتگیری کردن لەکەسانی تر، مەگەر وانییە؟

وانیک: مەبەستم ئەمە نییە... تەنیا ویستم بڵێم (ستانیک دادەنیشێت و دەخواتەوە)

ستانیک: دەمەوێت شتێک بەتۆ بڵێم، وانیک! بێ ئەوەی بمەوێت بەم جۆرە بیرکردنەوە شێتانە کە پێی ڕاهاتووم کە لەم وڵاتی (ناڕازیان)ەدا، کە دەبێت چۆنیەتیی ئاکاری و بۆچوونی پەرەپێبدەن و قبولی بکەن، بەڵام تۆ و کەسانی وەک تۆش بەبێ ئەوەی بەخۆتان بزانن لەسەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕاهاتوون! لەبەر ئەمەشە هیچ کاتێک بەخەیاڵتاندا نایەت دەشێت بۆ من هەندێک لەئامانج و بەهاکان گرنگتر و بەرزترین لەپلەوپایە و دەسەڵاتی ئێستام، ئێستا چی دەڵێیت ئەگەر من بمەوێت کەسێکی ڕەسەن و ئازادبم؟ بۆچی من نەتوانم ڕۆژێک بەرگری لەڕێز و گەورەیی مرۆیی خۆم بکەم و کار و کۆشش بکەم بۆ ڕزگاریم لەژێردەستەیی‌و سوکایەتی پێکردنم؟ ها، چی دەڵێیت؟ ئەم جۆرە بیروبۆچوونە هیچ کاتێک بەخەیاڵتدا هاتووە، دەشێت چەندین ساڵ بێت کە بەڕاستی چاوەڕێی دەرفەتێکی وادەکەم! تۆ بەئاسانی منت بۆ هەمیشە خستە ڕیزی خەڵکانی ژێردەستەی ناو کۆمەڵگەوە کە بەهیچ شێوەیەک دەسەڵات و توانایەکیان لەخۆیانەوە نییە؟ ئێستاش هەستتکردووە کە من حەزو ئارەزووم لەوەیە کار بۆ ڕزگاری و دیاریکردنی مافی چارەنووسی خەڵک بکەم، بۆیە ئیمزاکردنی منت بیر کەوتەوە، ئێستا هەستت بەهەڵەی خۆتکردوو. بۆیە دەست دەکەیت بەپۆزش خوازی لە من، ئایا هەست دەکەیت بەم کارەت چ سوکایەتییەکت کردووە بەمن؟ دەشێت هەر ئەم ئیمزاکردنە دەرفەتێکی بۆ من خوڵقاندبێت تابتوانم بەرگری بکەم لەڕێز و ئابڕووی خۆم و جێبەجێ کردنی ئەم کارەش ئەنگێزەیەک بێت تا ئارامی دەروونیم بۆ بگرێتەوە و بەهرە و توانای داهێنان و بۆچوون و خەیاڵم زیندووبکاتەوە، تا چیتر ناچار نەبم لەم دۆزەخە واقیعییە هەڵبێم و دڵم خۆش بکەم بەم دار قەیسی و گوڵە (ماگنۆلیا)نە، یان دەشێت پێم خۆش بێت پاش ئەمە بەڕاستی ژیانبکەم و بمەوێت لەم کارە ڕاسپێراوانە ئەم چەند بەرنامە فەرمایشتیانە بگەڕێنینەوە بۆ دونیای هونەر، کە نابێت لەخزمەتی هیچ کەسێکدا بێت؟

وانیک: بەڕاستی داوای لێبوردنت لێدەکەم، نەمدەویست بەو جۆرە تۆ پەشێو و بێتاقەت بکەم.

(وانیک جانتاکەی دەکاتەوە و کەمێک دەیپشکنێت، کاغەزی ئیمزاکان دەردەهێنێت، دەیداتە

دەست ستانیک. ستانیک بەهێواشی هەڵدەستێتەوە و بەکاغەزەکەوە بەرەو لای مێزی نووسینەکە دەچێت و لەپشت مێزەکەوە دادەنیشێت و چاویلکەکەی لەچاو دەکات و کاغەزەکە بەوردی دەخوێنێتەوە، بەخوێندنەوەی ناوەکان سەر ڕادەوەشێنێت، لەپاش ماوەیەکی دوور و درێژ چاویلکەکەی دادەنێت و لەسەرخۆ هەڵدەستێتەوەو وەک ئەوەی لەبیرو خەیاڵێکی قوڵدا بێت دەست دەکات بەهاتوچۆ لەژوورەکەدا و پاشان ڕوودەکاتە وانیک)

ستانیک: دەتەوێت بیروڕام بزانیت؟

وانیک: بەڵێ بێگومان.

ستانیک: ئەگەر لەلایەنی زەینییەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەیت، پێموایە هەموو لایەنە گرنگەکانم پێ گوتویت، ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە بەئیمزاکردنی ئەم بەیاننامەیە من دەتوانم لەپاش ئەو هەموو ساڵانەی کە پڕبوون لەژێردەستەیی و خراپی، بەئازایەتییەوە بەرگری بکەم لەمافی کەسێتی و ئازادی بزربوونی گەورەی خۆم، تەنانەت لەپێش چاوی کەسانی دەوروپشتم هەست بەئازایەتی بکەم، دەتوانم خۆم بۆ هەمیشە ڕزگاربکەم لەو کۆت و بەندەی دووچار ببووم پێوەی، تا چیتر ناچار نەبم بەهۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ویژدانم بخەمە ژێر پێمەوە، دەتوانم بەبێ هەستکردن بەشەرمەزاری سەیری دەوروپشتم بکەم، وەک چۆن سەیری خۆم دەکەم لەئاوێنەدا، یان چۆن چاو دەبڕمە کچەکەم، یان وەک ئەو گەنجەی کە ئومێدەوارم هەرچی زووە بگەڕێتەوە، نرخ و بەهای ئەم سەرکەوتنە هەر ئەمەیە کە کارەکەم لەدەست بدەم، ئەم کارە بێگومان دەمێکە چیتر نەک تەنیا ڕازیم ناکات، بەڵکو تەنانەت ئازاریشم دەدات، وەلێ بێگومان سوودەکەی زیاتر لەوەیە کە تەنیا وەک دەرگاوانێک و خزمەتکارێک بم، کوڕەکەشم بێبەش دەبێت لەخوێندنی باڵا، گومانی تیانییە! بەڵام ئەگەر لەهۆکاری ئەم مەسەلەیە ئاگادار بێت، پەیوەندییەکانی گەرموگوڕتردەبن لەگەڵمدا، چونکە یەکێکە لەلایەنگرە سەرسەختەکانی (یاوورک)، ئەمە لایەن و بوارە زەینییەکانی ئەم مەسەلەیە، بەڵام بابزانین ئەم مەسەلەیە لەبوارو لایەنی دەرەکییەوە چ دەرئەنجامێکی هەیە، خەڵکی کاتێک بەحەپەساوییەوە ببینن ئیمزای من لەپاڵ ناوی چەند کەسێکی ناڕازیی بەئەزموون و چەند هاوکارێکی گەنجی (یاوورک)دا، دانراوە چی دەڵێن؟ هەموویان دەزانن من چەند ساڵێک وەک هاووڵاتییەک کەمترین کارو کۆششم نەکردووە، هەموو ئیمزاکارەکان و ئەو کەسانەش کە لایەنگری ئەم جۆرە ناڕەزایانە دەکەن بەئیمزاکردنی من خۆشحاڵ دەبن، ئەم جۆرە نووسراو و بەیاننامانە هەموو کاتێک چەند کەسێکی تر تایبەت و کەم ئیمزای دەکەن، بۆیە ئێستاش بەئیمزاکردنی من ئەم بازنە داخراوەی ئیمزا کارە هەمیشەییەکان دەشکێنێت و پەرەدەسێنێت، دەبێت بزانیت ئەم جۆرە ئیمزایانە چیتر بەها و گرنگییان نییە، چونکە ئەو خەڵکانە چیتر شتێکیان بۆ نەماوەتەوە تا شانازی بکەن بەو ئیمزایەی خۆیانەوە، بەڵام بەئیمزاکەی من ئەو سنوور و بازنەیە دەشکێت، ناوێکی تازە دەچێتە پاڵیان، لەلایەکەوە کەس چاوەڕێی نەکردووە و لەلایەکی ترەوە بەها و گرنگیی خۆی هەیە، چونکە دەتوانێت فشار و قورساییەک دروست بکات، ئەمەش کورتەی بەسەرهاتی ئیمزاکەی من بوو، بەڵام لەتێڕوانینی کاربەدەست و دەسەڵاتدارانەوە، ئەمانە لەئیمزاکەی من سەرەتا تووشی ڕاچەڵەکین دەبن و پاشان زۆر ناڕەحەت و بێزاردەبن، بەڕاستی بەهۆی ئەوەوە کە خەڵکانی تر خۆشحاڵ بوون، واتە بەهۆی شکاندنی سنوور و چوارچێوەی ئیمزا کارەکان کە حکومەت چەندین ساڵ زۆر بەسەختی لەو دۆخەدا ڕای گرتووە. ئیمزاکەی من کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر چارەنووسی (یاوورک)، ئەگەر هەشی بێت زیاتر نەرێنی نییە، حکومەت نیشانی دەدات لەم چالاکی و جموجوڵانە نە دەترسێت و نە تووشی ڕاچڵەکین دەبێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەم ئیمزایە چارەنووسی من دەکەوێتە مەترسییەوە، زیاد لەپێویست من دووچاری لێپرسینەوە و سزادان دەبمەوە، تاچیتر کەسانێک نەخوازێت و نەوێرێت وەک من کار بۆ ئازادی بکات و بچێتە ڕیزی ناڕازییانەوە.

دەبێت بزانیت کە جموجوڵ و چالاکیی ناڕازییان تا کاتێک کە ئەوان لەچوارچێوەو سنووری خۆیاندان، بۆ دەسەڵاتداران هیچ مەترسی و نیگەرانییەک ناخولقێنێت، تەنانەت لەلایەنێکەوە دەشێت بەسوود بێت، بەڵام بەتوندی تووشی شۆک و مەترسی دەبنەوە، ئەگەر بزانێت ئەو چوارچێوە و سنوورە شکێنراوەو پەرەی سەندووە، ئەو کات هەوڵ دەدەن بەهەڕەشە و تۆقاندن شەپۆلی ئازادیخوازی کپبکەنەوە و ڕێی لێبگرن، ئێستا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئیمزای من لەم هەموو مات و بێدەنگییەدا بەجۆرێک لەجۆرەکان ڕێگەی ملنەوی‌کردنیان گرتووەتەبەر، دەبێت چ سود و کاریگەرییەکی هەبێت؟ گرفتی بنەڕەتی هەر لەسەر ئەم خەڵکەیە، چونکە هەموو هیوا و ئومێدەکان بەداهاتووەوە گرێدراون و بەوەوە ئەم خەڵکە لەخەوی بێ ئاگایی بێداربکرێنەوە و هەست بەبەرپرسیاریەتیی هاووڵاتیبوونی خۆیان بکەن، من پێم وانییە ئیمزاکەی من کاریگەرییەکی ئەو تۆی هەبێت لەسەر ئەم خەڵکە، ئەم جۆرە کەسانە زۆر ڕقیان لەکەسانی ناڕازی دەبێتەوە، بەردەوام ویژدانی خۆیان ئازار دەدەن، ئەمانە لەناخەوە ئیرەیی بەسەربەرزی و ئازادیخوازیی ناڕازییان دەبن و هەر لەبەر ئەمەشە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێن تا تانە و تەشەری خۆیانیان ئاڕاستە بکەن، ئیمزاکەی من پاساو و بیانویەک دەداتە دەست ئەوان کە بڵێن: ئێوەی کەسانی ناڕازی ئیتر شتێکتان نییە لەدەستی بدەن، چونکە ماوەیەکی زۆرە لەنێو کۆت و بەندی نەگبەتیدا دەست و پێ ڕادەوەشێنن، تۆش ئێستا کەسێکی بێ دەسەڵاتی وەک من کە بەزەحمەت خۆی گەیاندووەتە ئەم ئاستە، دەتەوێت لەگەڵ خۆتدا دووچارم بکەیت، بەبێ هیچ هەستکردنێکی بەرپرسیاریەتی و تەنیاو تەنیا لەبەر ئەوەی دەسەڵات بەبێ هۆ بجوڵێنیت و پیشانی بدەیت کە ڕیزی ناڕازییان گەشەی کردووە و شەپۆلان دەدات و باکیشت لەوە نییە بەهۆی ئەم کارەتانەوە کەسانی هەژار و بێ دەسەڵات بێ نان و ژیان دەبن.

وانیــک لەمــن نەڕەنجێیــت، مــن چۆنیەتیــی بیرکردنـــەوەی ئەم جۆرە کەســانە باش دەناســم، چونکە هەموو ڕۆژێک پەیوەندی و هەڵسوکەوتم هەیە لەگەڵیانــدا، لەبەر ئەوەیە بەوردی دەزانم کە دەڵێم: ئەم گێلی و بێدەســەڵاتییەش دیسان فریوخواردووی بیروبۆچوونە مرۆڤدۆســتانەکەی خۆیەتی، ئەوەی کە تۆ بێشــەرمانە هەست و ســۆزی منت جوڵاندووە لە پەیوەندیی تایبەتیم لەگــەڵ (یاوورک)دا و بەخراپە قۆســتەوە بۆ خۆت، بەم کارە نیشانت دا تەشقەڵەی ئاکاریــت وڕێنەیەکــە و هیچی تر، گومانــی تیانییە کە دەزگای ئاســایش بەهەموو شێوازێک لەسەر ئەم چاودێریکردنە پێی زیاتر ڕادەکێشێت، دەشێت چەند کەســێکی تری زیرەک و بەئاگای تــر هەبن و بڵێن ئەم دیاریدەیە واتا بەبەرچاوکەوتنی ئیمزای من زیاتر و زۆرتر کێشــەکە قوڵتر و دژوارتــر دەکات و ببێتە هــۆی ئەوەی هەموو بزاوتی ناڕەزاییەکە پەلبهاوێ بۆ توندوتیژی، واتە مەسەلەی دەزگیرکردنی (یاوورک) لەهەموو شــوێنێکدا ببێتە مایەی باس و خواســت و لەئاکامدا گومان بخەنە سەر هەموو جوڵانەوەکە! ئایا مەبەستی ڕاســتەقینە هاوکاریکردن بووە بۆ ئازادیی (یاوورک)، یان پەیوەســتبوونی من بــووە بەڕیزی ناڕازییانەوە؟ یان دەشــێت چەند کەسێکی تر بڵێن هــاوکاری کردنی (یاوورک) بۆ تۆ بیانویەک بووە بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئامانجەکانی خۆت، چونکە من بەئیمزاکردنی ئەم بەیاننامەیە، ئەم دەرفەتە لەدەست دەدەم کە بتوانم لەڕێگەیەکــی ترەوە هاوکاریی ئەو بکــەم، تکایە لەمــن تێبگە، وانیکی خۆشەویســت! مــن مەبەســتم نییە گرنگــی زۆر بدەم بــەم جۆرە هەڵوێســتانەوە دەســت و پێی خــۆم زنجیر بکەم، بەڵام لەلایەکی ترەوە پێم وایە بۆ ئێمە ئەوە باشــە ئاگاداری ئەمانەبین، بیرت نەچێت ئێمە بەچالاکییەکی سیاســییەوە خەریکین و سیاسییەکی باش و بەئاگا دەبێت ئــاگاداری هەموو بوارو لایەنــەکان بێت، کە کاریگەریی دەبێت بەسەر هەڵسوکەوت و کرداریەوە. لەبارودۆخی ئێســتادا ئێمە لەدوڕیانێکدا وەستاوین! ئیمزاکــەی من بۆ خودی خۆم ئازادی و ســەرفرازیم بــۆ دەخولقێنێت، بەڵام چەنــد ڕوودا و دیاردەیەکی

خراپیش بەشـــوێن خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئەگەر ئەم بەیاننامەی ناڕەزایەتییە بەبێ ناوی من بڵاو بکرێتەوە، دەرئەنجامی باشتری دەبێت. هەرچەندە یەکجاری تر و دەشـــێت بۆ هەمیشـــە ئەمە دەرفەتم پێببەخشێت کە بە بیـــروڕای ئازادەوە ژیانبکەم و دوور بکەومەوە لەسازش و ســـەر نەویکردن، بەجۆرێکی تر! ئەگەر بەڕاســـتی بمەوێت لەبنەمای ئاکاری پەیڕەوی بکەم، هەتا هەتایە بۆ من گرنگیی دەبێت، چ شتێک دەبێت پێـــوەر بێت بۆ کار و هەڵوێســـتەکانم و بۆ چوون و هەستی نێوناخم، یان بارودۆخی واقیعی؟

وانیک: پێموایە ئیستا باشتر تێگەیشتم.

ستانیک: هەروەها منیش.

وانیک: باشە...

ستانیک: زۆر بەداخەوە.

وانیک: بۆچی بەداخی؟

ستانیک: پێتوایە...

وانیک: ببورە... وادەزانم تێگەیشتنی هەڵە ڕوویداوە.

ستانیک: بەداخەوە ئەگەر من...

وانیک: تێدەگەم.

(ستانیک کاغەزەکان لەسەر مێزەکە کۆ دەکاتەوە و بەزەردەخەنەیەکەوە دەیانداتە دەست وانیک، وانیکیش لەگەڵ بەیاننامەی ناڕەزایەتییەکەدا دەیانخاتە نێو جانتاکەیەوە، ستانیک بەرەو لای ئامێری دەنگییەک دەچێت و دەیکوژێنێتەوە و دەگەڕێتەوە و لەسەر کورسییەک دادەنیشێت، پێکەوە هەردووکیان دەخۆنەوە، وانیک هەست بەلەرزین دەکات)

(وەستانێکی پڕ لەسەرنج)

ستانیک: دڵت لەمن نەڕەنجاوە؟

وانیک: نەخێر.

ستانیک: جادەتەوێت پێت بڵێم؟

وانیک: بەڵێ.

ستانیک: دەڵێن لەزیندانا زیاد لەپێویست قسەت کردووە.

(وانیک لەشوێنی خۆی دەجوڵێت و بەتوڕەییەوە سەرنجی ستانیک دەدات، ستانیک سەرکەوتنانە پێدەکەنێت)

(وەستانێکی پڕ لە سەرنج)

(لەناکاو زەنگی تەلەفۆنەکە لێدەدات. وانیک بەتێکشکاوییەوە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت، ستانیک بەرەو لای تەلەفۆنەکە دەچێت و هەڵی دەگرێت)

ستانیک: (بەتەلەفۆن) هەلو، سڵاو... چییە؟ نەبابە!... ئەمەیە ئیتر... ئارام بگرە بزانم... بەڵێ... بەڵێ، تۆ لەکوێیت؟ بێگومان... باشە دیارە... زۆر باشە چاوەڕێت دەکەم تا دوایی!

(تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە، بەبێدەنگی چاودەبڕێتە بەردەمی خۆی)

(وەستانێکی درێژ)

(وانیک لەسەرخۆ هەڵدەسێتەوە، ستانیک تازە دەزانێت کە هێشتا وانیک لێرەیە، بەرەو لای ئەو دەگەڕێتەوە و بەدەربڕینێکی بێباکانە دەڵێت): دەتوانیت لەخوارەوە لەنێو سۆپاکەدا بیسووتێنیت

وانیک: چی بسووتێنم؟

ستانیک: چەند خولەکێک پێش ئێستا لە کافتریای زانکۆدا هاتووە بۆ لای (ئانی)ی کچم.

وانیک: کێ؟

ستانیک: (یاوورک) دەڵێم.

وانیک: چی؟ ئازادیان کردووە؟ زۆر باشە! کەوابوو پێوقەدەمی تۆ بێ سوود نەبوو! باشبوو ئێمە ئەم بەیاننامەیەمان بڵاونەکردەوە، ئەگەر نا دەبوین بەباس و خواستی خەڵکی و ئەم دەست و ئەو دەستیان پێدەکرد.

(ستانیک بۆ چەند ساتیک وانیک دەخاتە ژێر سەرنج و ڕوانینی خۆیەوە، لەناکاو پێدەکەنێت، بەپەلە بەرەو لای ئەو دێت، بەشێوازێکی خۆشەویستانە باوەشی پیادەکات)

ستانیک: بەڵام باوەڕت نییە کە من...

وانیک: ڕێزم هەیە بۆ هەڵوێستی تۆ.

ستانیک: خۆت چۆن بیردەکەیتەوە؟

وانیک: دەبێت چۆن بیر بکەمەوە؟

ستانیک: گومان دەکەم!



وانیک: مەبەستت چییە؟

ستانیک: پێتوایە بەبینینی ئیمزاکان ترسم لێ نیشتبێت؟

وانیک: وانییە.

ستانیک: من شتێک لەڕووخسارتا دەخوێنمەوە.

وانیک: بەڕاستی وانییە.

ستانیک: لانی کەم ڕاستگۆبە، پێت وانییە کە بەم ڕێزگرتنە درۆزنانە زیاتر سوکایەتی بەمن دەکەیت تائەوەی کە ڕاستگۆ بیت؟ یان پێتوایە تەنانەت شایەنی ڕوونکردنەوەیەکیش نیم.

وانیک: خۆ کە گوتم ڕێز لەبیروبۆچوونت دەگرم.

ستانیک: سەیربکە وانیک. من گێلو نەزان نیم!

وانیک: دەزانم.

ستانیک: بەدڵنیاوە هەست دەکەم لەپشت ڕێزگرتنەکەتەوە شتێک هەیە.

وانیک: چییە؟

ستانیک: هەست بە گەورەیی خۆت دەکەیت.

وانیک: وانییە.

ستانیک: بەڵام پێم وانییە کە مافێکی لەو جۆرەت هەبێت، ئەوەش تۆ!

وانیک: مەبەستت چییە؟

ستانیک: خۆت باشتر دەزانیت.

وانیک: نەخێر نازانم.

ستانیک: خەمی هیچ شتێک مەخۆ، هاوڕێی ئازیز، هەموو کارێکی باش سەرئەنجام کەموکوڕییەکی هەر هەیە، ئەگەر بتەوێت دڵەڕاوکێت لەبارەیەوە هەبێت، دەبێت تا کۆتایی خۆت ببووری لەهەر کارو کۆششێکی باش! وەرە باچەند نەمامێکی باشت بۆ جیا بکەمەوە!

(ستانیک پێش دەکەوێت بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات، وانیک بەنەعلە گەورەکانی قاچیەوە شوێنی دەکەوێت)

(پەردەی شانۆ دادەدرێتەوە)

**سەرچاوە:**

مجله نگاه نو ژماره ٤١ تابستان ١٣٧٨